# د. وەفا سوڵتان: مافی گەلی کوردە دوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت



**دیمانە: نزار جاف**

د. وەفا سوڵتان، ئافرەتێکی نووسەری عەرەبە کە هەموو سنووره ئاساییەکانی بەزاندەوە و، بوێرانە رووبەڕووی زۆر کێشە و گیروگرفتی هەستیار لە ناوچەکە و جیهاندا بۆتەوە. هەڵوێستە راشکاوەکانی لە میانەی دیمانە تەلەفزیۆنی و رادیۆیی و رۆژنامەگەرییەکانیدا لەگەڵ ناودارترین و بەرجەستەترین میدیاکانی جیهاندا، بۆتە هۆی ئەوەی پتر سەرنج بە لای خۆیدا رابکێشیت و، پتر ژیانیشی بخاتە مەترسییەوە، هەربۆیە ئێستا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێنج شەش پارێزەری تایبەتی بۆ دابینکراوە تا ژیانی لەو هەڕەشە یەك لە دوا یەکەکانی نەیارانی بپارێزن. کوردستان راپۆرت بە مەبەستی پتر ئاشنابوون بە بیروبۆچوونەکانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا سازدا.

کوردستان راپۆرت:( پێویستیمان بە دووبارە بنیاتنانەوەی مرۆڤە لە وڵاتەکەماندا لە رووی پەروەردەیی و رەفتارەوە، تا بتوانێت پێگەی خۆی لە نێوان ئادەمیزادانی ئەمڕۆدا وەربگرێت، بە کورتییەکەی، پێویستیمان بە رۆشنبیری هەیە!!) ئەم قسانەت لە وتارێکتدا کردووە، بەڵام، هەروەك دەزانیت ئەوە کاریگەری هەیە بۆسەر بنچینەی فیکری ـ کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگەکانمانی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە، ئایا ئەو کارە سەردەگرێت؟

د. وەفا: بیرمەندێکی ئەمریکی دەڵێت: شێتی ئەوەیە هەمان کار دووبارە بکەیتەوە بە هیوای ئەوەی ئەنجامی جیاواز بەدەست بێنیت لەوانەی پێشوو دەستەبەرت کردووە. واقیع لە جیهانی ئیسلامیدا گوزارشت لەوە دەکات کە خەڵکی تا تەوقی سەریان نقووم بوون لە شێتییاندا. چواردە سەدە لە زەمەنە و، کۆمەڵە رێ و رەسمێك کاوێژ دەکەنەوە بە هیوای ئەوەی رێنمایان بکات بۆ ئەنجامی باشتر! چواردە سەدە هیچ سەرچاوەیەکی مەعریفییان لەبەردەمدا نەبووە تەنها ئیسلام نەبێت، هەر کەسێکیش ویستی لەو زیندانە بترازێت، لەناودەچێت. تەماشای دەوروبەری خۆت بکە، هەرچییەك ئەملا و ئەولای گرتوویت، ئەنجامێکی حەتمییە بۆ ئەوەی باوەڕت پێی هەیە. واقیع لە جیهانی ئیسلامیدا دەرەنجامێکی حەتمییە بۆ ئەوەی ئیسلام هێنای. ئیسلام، پێوەندی نێوان پیاو و ئافرەتی شێواند و، ئەو دووانەش دوو ستوونی سەرەکی هەر کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوون. ئیسلام، بیروباوەڕێکە گومان و پرسیار و گەڕان بە دوای وەڵامی، قەدەغەکرد، بەوەش بەهرەی داهێنانی لەلای پەیڕەوانی لەناوبرد. ئیسلام، بیروباوەڕێکە مرۆڤەکەی قەناعەت پێکرد کە ژیان بە چاکی و خراپییەوە نووسراوە لەناو چاوانی و، رێگەی لێگرت بە دوای ژیانێکی باشتردا بگەڕێت. تا ناوەڕاستی نەودەکان، پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی مرۆڤ

موسڵمان کاریگەرێکی ئاستەنگ بوو، بەڵام، سەردەمی ئینتەرنێت پەنجەرەیەکی لە دیواری ئەو زیندانەدا کردەوە و، تیشکی زانست پەیتا پەیتا کەوتە دزەکردن بۆ ناوەوە. گەڕانەوە لە دوای ئێستاوە بەرەو دواوە نییە، چونکە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەکە دەستیپێکرد لەوەتەی سەردەمە ئینتەرنێت دەستیپێکرد، ئەم پرۆسەیە چەندین نەوە دەخاتە پشت سەرییەوە، بەڵام، بێگومان بەردەوام و کاریگەرە. کێ لە ئێمە دەیتوانی بەر لە دە ساڵ دەیتوانی ئەوەی ئەمڕۆ دەنووسرێت و بخوێندرێتەوە، بینووسێت و بیخوێنێتەوە. مەعریفە هێزێکە و سەردەمی مەعریفە دەرگاکانی لەسەر پشت والاکرد، با تەماشاکەین و ببینین تەمەنی ئیسلام وەك بنچینەیەکی فکری ـ کۆمەڵایەتی لە ئەمڕۆ بە دواوە چەند درێژ دەخایەنێت؟

کوردستان راپۆرت: کێشەی پەسەندکردنی بەرامبەر لە واقیعێکدا کە بیرۆکەی"سەرکردەی ـ نائاسایی" زاڵە بە سەریدا، بابەتێکە خەریکە دەبێتە خەیاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە(جگە لە ئیسرائیل) هاواری ئەوە دەکات کە"رێگەیەکی تایبەتی بۆ بنیاتنانی دیموکراتی" بە دوور لە "بیرۆکە هاوردەکان لە خۆراواوە"، لە رۆشنایی ئەوەدا، بیروبۆچوونت چییە بۆ بابەتی چاکسازی لە ناوچەکە کە ماوەیەکە خراوەتەڕوو، ئایا باوەڕت هەیە سەرکەوێت؟

د. وەفا: دەزگاکانی راگەیاندن لە جیهانی ئیسلامیدا موڵکی کۆمەڵێك جەردەن. جەردەش، سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە و، ناتوانن بەردەوامییان بپارێزن تەنها بە سەپاندنی ئەو سیستەمانە نەبێت. بێگومان دیموکراتییەتێك بە دام و دەزگا و سیستەمەکانییەوە لە بەرژەوەندییان، لەئارادا نابێت، هەربۆیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەموو کۆمەڵگەیەك کلتور و داب و نەریتی تایبەتی و، بەو پێیەش دیموکراتی تایبەت بە خۆی هەیە. دیموکراتییەتێك دەخوازن کە پاساو بۆ ئیفلاسی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و زانستییان بێنێتەوە و، ئایندەیان مسۆگەر بکات. دیموکراتییەت دەسەڵاتێکی ئەخلاقییە، ئەخلاقیش یاسای سروشتین یەك جفرەیان لە هەموو جیهاندا هەیە. هەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی ناسنامەی نیشتمانی و کلتور و داب و نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام، سیستەم و دەزگا دیموکراتییەکان خەریکە هەمان ئەوانە بێت کە لەو وڵاتانەدا پیادەکراوە. من تازە لە سەردانێکی فەرمی دوورودرێژم لە ئوسترالیا گەڕامەوە، لە میانەی ئەو سەردانەمدا بۆم دەرکەوت کلتور و داب و نەریتی ئوسترالی زۆر جیاوازترە لەوەی ئەمریکا، بەڵام، مافەکانی مرۆڤ و رێزگرتن لەو مافانە یەکێکە لە هەردوو وڵاتدا.

ژەنین لەسەر ئەو ژێیە ئێستا جۆش و خرۆشم پێ نابەخشێت و، هەروەها بە نیسبەت زۆرینەی دانیشتووانی جیهانی ئیسلامی، چونکە بێزاربوون لە بیستنی و بۆ گۆڕان دەڕوانن. سەردەمی ئینتەرنێت نیشانیدان مرۆڤ چۆن دەژی لەو لاتانەی رێزی لێدەگرێت و، خۆیشیان چۆن دەژین. ئێستا هوشیاربوونەوە و ئاشنای مافەکانیان بوون و، پێم وایە ئەو فرۆفێڵ و دووڕووییەی کە حکومەتەکانیان چەندین سەدەیە بەکاری دێنن خەریکە کۆتایی دێت. پرۆسەی گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بەدەوی سەرکوتکەری دواکەوتوو بۆ کۆمەڵگە دیموکراتییە مەدەنییە پتر پێشکەوتووەکان، کارێکی شیاوە و ئەگەری هەیە و، پێم وایە ئێستا بە قۆناغی ژانێکی سەختی لەدایکبوندا تێپەڕدەکات. ئەو پرۆسەیە ناکرێت تەواوبێت تەنها لە میانەی بنیاتنانەوەی مرۆڤێکی دیموکراتی نەبێت کە بڕوای بە مافەکانی هەبێت و رێز لە مافی کەسانی دیکەش بگرێت. سەردەمی ئینتەرنێت لە ئەنجامدا ئەو مرۆڤەی لێدەکەوێتەوە بەڵام، هێشتا لە قۆناغی کۆرپەڵەدایە. ئەو لەدایکبوونە چەند بخایەنێت بۆ کەسێك کە چاوەڕوانی بکات نزیکە!

کوردستان راپۆرت: چۆن دەڕوانیتە ئەو رۆڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق گێڕای و، بیروبۆچوونت بۆ ئایندەی ئەو رۆڵە چییە؟

د. وەفا: رەهەندە سیاسییەکانی ئەو رۆڵە نازانم، چونکە سیاسەت پیشەی من نییە و شارەزا نیم تێیدا. بەڵام، بیروبۆچوونم وەك هەر مرۆڤێکی سادە، رۆڵێکی ئاسان نییە. پەندێکی ئەمریکی هەیە دەڵێت: چەند لەگەڵ خۆتدای خواش ئەوەندە لەگەڵ تۆدایە، ئایا ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ گەلێکدا بێت کە نایەوێت لەگەڵ خۆیدا بێت؟ بە

شێوەیەکی گشتی، ئیسلام ئەقڵییەتی پەیڕەوانی تێکداوە، بەڵام، ئەو تێکدانە بە توندترین شێوەی لەلای مرۆڤی عێراقییە، هۆکەی نازانم! لەوانەیە مێژووی سیاسی خوێناوی ئەو وڵاتە قورەکەی زیاتر خست کردۆتەوە. لەوەتەی لە ئەمریکا دەژیم، چاوم بە زۆر موسڵمانان و عەرەب کەوتووە و، لەلای عێراقی هەست و نەستێکم بینی کە لەلای هیچ کەسێکی تر نەمبینی. عێراقی بەسەر خۆیدا داخراوە، ناتوانێت گوێ بگرێت یان تەرکیز بکات، لەبارەی خۆرهەڵاتەوە پرسیاری لێدەکەیت، کەچی دەربارەی خۆراوا وەڵامت دەداتەوە. ناتوانیت شتێکی ڕەوا یان ناڕەوای لێ وەربگریت و، زۆر سەختە لێی تێبگەیت.

هیچ هیوایەك نییە لە چاکتردنی بارودۆخی خەڵکانێك کە توانای دەستنیشانکردنی ئامانج و ئیستراتیجییەتێکیان نەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. پێم وایە ئامانج و ئیستراتیجییەتی عێراقییەکان بە ژمارەی خۆیانە و، هەموو عێراقییەك ئامانج و ئیستراتیجییەتێکی هەیە کە جیاوازتر لە هی یەکێکی تر و، سەختە گەر ئاستەنگیش نەبێت ئەو ئامانج و ئیستراتیجییەتانە یەکبخرێن. کەسایەتی مرۆڤی موسڵمانی عێراقی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە کۆسپ خستنە بەردەم ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئەمریکا لە عێراق ئەنجامی بدات. ئەو دەستتێوەردانەی ئەمریکا ڕزگاری کردن لە گەورەترین زۆردارانی سەردەمی نوێ، بەڵام، نەیتوانی مرۆڤی عێراقی ڕزگاربکات لە مێردەزمەی"خۆپەرستی"کە بەسەر کەسایەتییەکەیدا زاڵبووە. کاتێك گوێ بۆ موقتەدا ئەلسەدر دەگرم ئەو پەندە عەرەبییەم بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت: "قەلەڕەشکە لە خاکی ئێمەدا دەبێتە هەڵۆ" و، دەپرسم؛ ئەو قەلەڕەشکە بچووکە لە کوێ بوو کاتێك سەدام حسێن پەڕوباڵی کەسوکارەکەی دەکرد، ئایا لەسەر پشتی ئەمریکییەکان خۆی دەکات بە هەڵۆ؟!! ئەمەش ئەوە ڕەتناکاتەوە کە توێژێکی دڵسۆز لە ڕۆشنبیرانی عێراقی هەن کە درك دەکەن بەوەی بەسەر وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕێت، بەڵام بە داخەوە نازانم ئەگەر جیاکردنەوەیان لە ئاراستەی ڕووداوەکان بڕیاری خۆیانە یان سەپێندراوە بە سەریاندا. سەختە بۆ من پێشبینی داهاتووی ئەو دەستتێوەردانە بکەم، بەڵام دەخوازم پاشەکشێیەکی ئەمریکی ئەمڕۆ بەر لە سبەینی ببینم. لە میانەی چاودێری کردنم بۆ ئەوەی ڕوویداوە و هەموو ڕۆژێك ڕوودەدات، باوەڕێکی تەواوم لەلا دروستبووە کە هیچ چارەسەرییەك بۆ عێراق نییە تەنها بە دابەشکردنی بۆ سێ ناوچە نەبێت و، هەر لایەنێك دەوڵەتی خۆی بدرێتێ. ناتوانیت سێ کڵەشێری بەکژ یەکداچوو لە یەك قەفەسدا دابنێیت و، پێشبینی بکەیت بە ئاشتی بژین، ئەمە بە داخەوە ئەوەیە کە بەپێی دەرەنجامی ڕووداوەکان پێشبینی دەکەم و، ئەوەش نییە کە ئارەزووی پێ دەخوازم، من خوازیارم عێراق وەك وڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراتی ببینم و ببێتە نموونەیەك کە وڵاتانی تری ناوچەکە وەك ئەو بکەن، بەڵام، دیارە خەونێکە دوورە لە بەدیهێنان!

کوردستان راپۆرت: قسەیەکی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب هەیە کە دەڵێت"ژن سەرتاپای خراپەیە و، خراپترین شتیش تیایدا ئەوەیە کە ناچاری لەوەی جووت بیت لەگەڵیدا" و، هەروەها پێغەمبەری ئیسلامیش وتوویەتی"ئافرەتان کەم ئەقڵ و کەم ئیمانن"، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە تیۆر و پرەنسیپی ئیسلامییەکان باسترین رێگەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئافرەت، بیروبۆچوونی دکتۆرە وەفا لەوبارەوە چییە؟

د. وەفا: ئیمام عەلی دیاردەیەکە جیاوازی لە هەموو دیاردەکانی دیکە هەیە کە ئیسلام هێنایینی. ئەو تەنها بۆ خۆی دەریایەکە لە بیروبۆچوون بەڵام، بە درێژایی مێژووی ئیسلامی پەراوێز کراوە، کاتێکیش قسەکانی دەخوێنیتەوە هزرێکی پاك دەبینیت کە تەنها خڵتەی ئیسلامی تێدایە. لە هەموو دێڕێکدا کە هەوڵی داوە موسڵمان بێت ئەوا ڕاستگۆیی و پاك و پێگەردی هزری لەدەست داوە. بێگومان کاتێك پێغەمبەری ئیسلام دەڵێت؛ ئافرەت کەم ئەقڵ و شانس و ئایینە، ئەوا عەلی لە بەردەم ئەوەدا هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نییە جگە لەوەی بڵێت: ئافرەت هەمووی خراپەیە! پرەنسیپەکانی ئیسلام خاڵێکی لاوازین لە بیرکردنەوەی ئەو پیاوەدا و کەلەبەرێکە کە کەلێنی خستۆتە ڕاستگۆییەك وەك بیرمەندێك کە ئیسلام وێنەی نەخستۆتەڕوو. ئەگەر قورئان و نەهجی بەلاغەمان خوێندەوە، ئەوا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو کتێبەدا دەبینین لە ڕوی زمان و فیکرییەوە.

عەلی دوو وتاری وتووە، لە یەکەمیاندا وشەیەکی نەگوت کە پیتی ئەلفی تێدابێت و لە دووەمیشیاندا وشەیەکی نەگوت نوقتەی تێدابێت و، هەردوو وتارەکەش فکرێکی پاك و جوانن، شتێکی نائاساییین کە قورئان بە هەڵەیە زمانەوانییەکانییەوە و خراپی دەربڕینی لە دوور یان لە نزیکەوە لێی نزیک نابێتەوە. بەڵام، ئەمە پاساو بۆ ئەوە ناهێنێتەوە کە وتوویەتی ئافرەت هەمووی خراپەیە و خراپترین شتیش تێیدا چارە نییە لێی. ئەوە تاوانێکەئەو بیرمەندە مەزنە دەرهەق بە خۆی ئەنجامیدا و، لەبەر ئەوەش راستگۆیی خۆی لەناوبرد و جوانی هزری شێواند. ناتوانم چاو بپۆشم لە تاوانێك دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام بدرێت لەگەڵ ئەوەی زۆر زمانی و فیکریم لا پەسەندە. ئیسلام، ئاستی ئافرەتی دابەزاند و خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کرد و، ئەوانەی بانگەشەدەکەن لەپێناو گۆڕینی بارودۆخی ئافرەت لە رێگەی پرەنسیپەکانی ئیسلامەوە، وەك ئەویە کە شێرپەنجەی سییەکان بە جگەرەکێشان چارەسەر بکات. ئەو ئایینەی ئافرەت بە شکێنەری دەستنوێژ دابنێت وەك گوێ درێژ و سەگ، ناتوانێت بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئەمرۆ بۆ ئافرەتانی موسڵمان بێنێتەئاراوە.

کوردستان راپۆرت: لە ژمارەیەکی زۆر لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکانتدا و، هەروەها بە نیسبەت وتارەکانتەوە کە بڵاوکراونەتەوە، ئاماژەتان داوە بە کێشەی کەمە ئایینییەکان لە ناوچەکەدا و، هەڵوێستێکی روون و ئاشکراتان لەوبارەوە هەبوو، بەڵام، پرسیارەکە ئەوەیە؛ هەڵوێستی ئێوە دەربارەی کێشەی کەمە نەتەوەکان لە ناوچەکەدا چییە، ئایا بە بۆچوونی ئێوە کێشەیەك یان قەیرانێك پێکدینێت یان وانییە؟

د. وەفا: کەمە نەتەوەیی یان ئایینی لە جیهانی ئیسلامیدا رێزیان لێ نەگیراوە و لە میانەی مێژووی ئیسلامییەوە تەنها بە دڕندانە و توندوتیژی رەفتاریان لەگەڵدا کراوە. کێشەکە لە بنەڕەتدا دەروونی و پەروەدەییە و کاتێك دەستییپێکرد کە محەمەد وتی: ئۆمەتەکەم دابەش دەبێت بۆ حەفتا بەش، تەنها یەك بەش لە بەهەشتدایە و ئەوانی دیکە لە دۆزەخدان. ئایا دەتوانیت پێشبینی ئایندەی خێزانێك بکەیت کە تیایدا باوکێك"هەر بۆ نموونە" بە پێنج مندالەکەی بڵێت: گوێ بگرن رۆڵەکانم! یەکێك لە ئێوە گوێڕایەڵ و رێك و پێکە و دەڕوات بۆ بەهەشت و، ئەوانی دیکە سەرپێچیکارن و چارەنووسیان دۆزەخە، بەبێ ئەوەی ئەو باوکە ئاماژە بدات بە کوڕە گوێڕایەڵ و ئەوانی سەرپێچیکارن؟!! بێگومان هەر یەکێکیان وادەزانێت تەنها ئەو گوێڕایەڵ و رەزامەندی باوکی دەستەبەرکردووە، بەڵام براکانی سەرپێچیکارن و شایەنی رەزامەندی ئەو نین. بەپێی ئەو مەزندەکردنەی، ئەوا توانای نابێت کەس لەلای خۆی پەسەند بکات چونکە هەمووان سەرپێچیکار و لە رێگە لادەرن. ئەم شێوازە ناپەروەردەییە، دووبەرەکی دەچێنێت و جیاوازی زێتر دەکات و، شیرازەی خێزان تێکدەدات و، پێوەندی خۆشەویستی و دروست پێکەوەیان نابەستێتەوە. خێزانی ئیسلام، خێزانێکی شیرازە تێکچووە، چونکە لەسەر بڕوایەکی چەسپاو دروستبوو کە تەنها یەك تایفەیان لێ سالحە و ئەوانی دیکە ناسالحن. هەموو یایفەیەك لەگەڵ ئەوەی تردا دەجەنگێت و لەو باوەڕەدایە کە تەنها خۆی سالحە و تایفەکانی دیکە خراپ و لە رێگە لادەرن. جارێکیان چوومە ژووری"جات"ی تایبەت بە سوننە و شیعەوە و، ئەوەی گوێم لێبوو ئەقڵ باوەڕی پێناکات لە قسەی ناسیرین دەرهەق بە یەکتر و، ئەوەش مرۆڤ هان دەدات بپرسێت: ئایا هیوا هەیە لە چاککردنەوەی ئۆمەتێك لەدژی خۆی هەڵگەڕایەوە؟! وەڵامەکەش دێت: نەخێر گەر یەکەم جار ئەوە چاك نەکەینەوە کە پێغەمبەرەکەی وتوویەتی! ئەمە بە نیسبەت کەمینە ئیسلامییەکان و، ئیدی چ بە حاڵی نائیسلامییەکان! بارودۆخیش لە بەرامبەر کەمینە رەگەزییەکان زۆر خراپترە، لەبەر ئەوەی ئیسلام بە شمشێر زاڵبوو بەسەر تایبەتمەندییەکانیدا و مافی زەوت کرد لە پاراستنی کیانی سەربەخۆی وەك زمان و کلتور و مێژوو و داب و نەریت، تۆپەکە ئەمرۆ لە تۆڕی ئەو کەمینانەدایە و، فەزڵیش بۆ کوشتارگەی 11 ئەیلول دەگەڕێتەوە کە هاوسەنگی شتەکانی هەڵگەڕاندەوە، بەڵام، ئەو پرسیارە بە گرمی خۆی دەخاتەڕوو: لە دوای سەدەی دوورودرێژ لە ستەم و پەراوێزکردن، ئاستی شایەستەیی و ئامادەیی ئەو کەمینانە بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراو و ناسنامە شێوێندراوەکانیان چەندە لە کاتێکدا کە نزیکترین کات دێتە بەرچاو بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە؟!

کوردستان راپۆرت: نیشتمانی کورد هەروەك دەزانیت بەسەر چوار وڵاتی سەرەکیدا دابەشکراوە و، ئەوەی کۆیان

دەکاتەوە نەك ڕەت کردنەوەی دەوڵەتی کوردییە، بەڵکو تەنانەت دانانان بە سادەترین مافە نەتەوەییە ڕەواکانیانیش و، لەو پاساوانەی بۆ ئەو ڕەتکردنەوەیان خراوەتەڕوو"ئایینی هاوبەش" و"نیشتمانی هاوبەش"، هەروەك ئەوەی ئایین یان ئەو جۆرە نیشتمانە"وەهمییە" زمان و ڕۆشنبیری و مێژوویەکی تایبەتی بە گەلێك دەبەخشن، دکتۆرە وەفا سوڵتان چۆن دەڕوانێتە دۆزی گەلی کورد؟
د. وەفا: مێژووی ئیسلامی سەلماندی  ئاستەنگە ژیانێکی ڕێك و پێکت کەمایەتییە نەتەوەکان لەگەڵ زۆرینەکاندا ببرێتە سەر، هەربۆیە دژی ئەوە نیم کە ئەو کەمینانە دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دەست بکەوێت. مافی گەلی کوردە دوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت و مێژوو و کلتور و زمانی بپارێزێت، بەڵام ئەو پرسیارەی خۆی دەخاتەڕوو: ئایا کورد کورد دەتوانێت ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێت گەر درا پێیان؟! کورد قوربانی چواردە سەدەن لە ستەم و پەروایزکردن و، زۆرینەشیان موسڵمانن و، پرەنسیپەکانی ئیسلام کاریگەری خۆی لە هزری ئەواندا کرد هەروەك چۆن لە هزری موسڵمانەکانی دیکەشدا کردوویەتی. جارێکیان لە هەندێك برایانی سریانی و ئەرمەنیم بیست کە عوسمانییەکان کوردە موسڵمانەکانیان بەکارهێنا لە زۆر لەو تاوانەی دەرهەقیان ئەنجامدرا. ئایا کورد ئامادەن  بۆ دووبارە تەئهیلکردنی خۆیان و دان بە هەڵەیەکانیاندا بنێن، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، تا بتوانن دەوڵەتێك دابمەزرێنن لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە کە ڕێز لە هەمووان بگرێت و باشتر بێت لەو دەوڵەتانەی کە لەژێر سایەیدا ژیان؟! بە جۆرێکی گشتی، موسڵمانە غەیری عەرەبەکان زێتر لە عەرەبە موسڵمانەکان ئامادەن خۆیان زگاربکەن لە کلتوری ئیسلامی و، کورد لە چوارچێوەی ئەو ڕاستییە ناچنە دەرەوە، بەڵام، نازانم ئایا ئامادەن ئەو بارە لەسەر شانیان فڕێ بدەنە خوارەوە لە دوای ئەوەی ماندووی کردن هەروەك چۆن هی دیکەشی ماندوو کردووە. دەوڵەتێکی کوردی دیکەمان لە ناوچەکەدا ناوێت کە ژمارە زێتر بکات و، لەسەر هەمان جۆر بمێنێتەوە، من لەگەڵ دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکدام بۆ ئەوەی دەخوازێت ئازاد ببێت لە ستەمێك کە لەدژی بە هۆی ئایینی یان ڕەگەزییەوە ئەنجامداربێت، بەڵام، ئەوەی ئەو پرۆسەیە ببێتە هۆی لەدایکبوونی دەوڵەتێکی سەرکوتکاری نوێ، ئەوا کارەساتەکە لە زێتربوونی ژمارەی سەرکوتکراوەکاندا دەبێت و هەروەها پتربوونی ژمارەی دز و زۆرداران. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە، دەوڵەتی کوردی مەزەندەکراو لە ناوەڕاستی  چوار وڵاتی دژدا دەبێت وهیچ دەروازەیەکیان بۆسەر جیهان نییە تەنها لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتانەوە نەبێت، هەربۆیە ناتوانم مەزەندەی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بکەم تەنها لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەبێت و، لە ڕێگەی ڕەزامەندی خودی ئەو دەوڵەتانەوە نەبێت. ئەمەش تەنها لە ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتی لەو دەوڵەتانەدا دەبێت، کارەکە زۆر سەخت دەردەکەوێت، بەڵام ناخوازم بڵێم ئاستەنگە چونکە من لەو کەسانەم گەشبینی بە ئاییندەیەکی باشتر دەکەم.
کوردستان ڕاپۆرت: بیستوومە کە بانگهێشت کراوی بۆ سەردانی ئیسرائیل، ئایا وەڵامی ئەو بانگهێشتکردنە دەدەیتەوە و، ئایا بۆچوونت چییە دەربارەی داهاتووی پێوەندی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی دەوروبەری؟
د. وەفا: بەڵی ڕاستە، چەندین بانگهێشتی جیاوازم لەلایەن چەندین لایەنی ئیسرائیلییەوە پێ گەیشتووە، بێگومان ئەو سەردانە ئەنجام دەدەم لە نزیکترین کاتدا کە تیایدا بوارم بۆ بڕەخسێت، بۆ نا؟ زۆربەی ئەوەی فێری بووم لە سەرەتاکانمدا بۆم دەرکەوت درۆیەکی شاخداربوو. ئێمە قوربانی ڕۆشنبیرییەکین درۆی کردووە بە پیشە. جولەکە نەوەی مەیمون و بەراز نین و، بۆ جیهانیان سەلماند کە گەلێکن شایەنی ژیانن وەك گەلانی دیکە. ئەوان دانیشتووانی ناوچەکەن. ئەمە کتێبەکانی ئیسلام بەر لە هی دیکە دەیڵێت. بەسەرهات دەگێڕدرێتەوە کە محەمەد لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بووە و پاشان دەنگە دەنگێکیان بیستووە، هاوەڵەکان لێیان پرسیوە: ئەوە چییە پێغەمبەری خوا؟ وتی: ئەوە جوولەکەن لە گۆڕەکانیاندا ئازار دەدرێن! بە خستنە ئەولاوەی ڕەگەزپەرستی ئەو بەسەرهاتە، دەمەوێت پرسیارێك بخەمەڕوو: بۆ وتی جوولەکە و نەیگووت بوداییەکان؟ ئایا ئەوە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی گۆڕی باوباپیرانیان لە سعودییە بوو بەر لەوەی محەمەد لەدایکببێت، بەڵام، کینەی ئیسلام ئاسەواری نەهێشتن! چۆن گۆڕەکانیان لە ڕابردوودا هەیە و، ئێستا خۆیان لەئارادانین؟ ئایا ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵگر نییە

لەسەرئەوەی پرۆسەی قڕكردن دەرهەق بە گەلێكی تەواو ئەنجامدراوە؟!!
سەردانی ئیسرائیل دەكەم تا نوێنەرایەتی خۆم و هەموو ئەوانەی ناتوانن نوێنەرایەتی خۆیان بكەن و، ئەوانەش زۆرترن لەوەی كە دەیخەملێنیت. سەردانی ئیسرائیل دەكەم تا لەوێ پێیان بڵێم ئاشتی دەخوازم و ملیۆنەها لەوانەی دەنگیان نییە، لە پشتمەوە دەوەستن، ئایا ئێوە ئاشتی دەخوازن؟ سەردانیان دەكەم لە رۆژی رووناكدا، نەك لە پشتی پەردەوە، لەبەرئەوەی بڕوام بە رەوایی ئەو سەردانە و پێویستییەكەیم هەیە و، مەترسیم نییە لە دەرەنجامەكانی هەرچییەك كە باوەڕم پێی هەیە. سەردانیان دەكەم لەناو ماڵی خۆیاندا تا بە چاوی خۆم راستییەكەیان، ببینم و، ئەگەر بینیم مەیمون و بەرازن، ئەوا دان بەوەدا دەنێم، ئەگینا زەوی دەسڕمەوە بە هەموو ئەوەی كتێبەكانمان دەربارەی مەیمون و بەراز نووسیوێتی! دەربارەی ئاییندەی پێوەندی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی دەوروبەری، ئەوا كارەكە لەسەر دەرەنجامەكانی جەنگ لە عێراقدا راوەستاوە و، هەروەك پێشتر وتم، ناتوانم پێشبینی داهاتووی ئەوەی ئێستا روودەدات بكەم. ململانێی عەرەب ـ ئیسرائیل، ململانێیەكە لە ناوەرۆكیدا ئایینییە و، ئەگینا پێوەندی ئێران و توركیا و مالیزیا و و و..بەو بابەتەوە چییە؟ بۆچی ئەحمەدی نەژاد دەخوازێت ئیسرائیل لەناوبەرێت، ئایا لە خۆشەویستی لە رادە بەدەری بۆ فەلەستینییەكان و پەرۆشی بۆ دۆزەكەیان؟!! كاتێك محەمەد وتی؛ جوولەكەكان لە گۆڕەكانیان ئازاردەچێژن، ئیسرائیل لە فەلەستین نەبوو، بەڵكو جوولەكە بەشێك بوون لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە! بوونی ئیسرائیل لە ناوچەكەدا لەوەتەی هەیە و تا سەر، لە بەرژەوەندی كەمینەكاندایە. ئەگەر ململانێی ئیسرائیلی عەرەبی نەبووایە، ئەوا ئەو كەمینانە خراپتر دەیاننالاند لەوەی كە بە درێژایی مێژوویان ناڵاندوویانە و، ئەو كەمینانە ژیانی باشتریان بۆ نارەخسێت گەر دان بە مافی ئیسرائیلدا نەنرێت لە ژیانێكی باشتر. وەك كەمینەیەك ناتوانیت بەرگری لە مافەكەت بكەیت ئەگەر دان بە مافی كەمینەكانی دیكەدا نەنێیت. هەروەك چۆن كورد لەژێر سایەی ئیسلام و عوروبەدا، ئێش و ئازاریان چێشت، ئەوا هەمان شتیش بە نیسبەت جوولەكەوە، هەربۆیە ئێوە و ئەوان و هەموو كەمینەكانی دیكە سواری هەمان كەشتی دەبن و چارەنووسی ئەو كەشتییەش یەكە بە نیسبەت هەمووانەوە. من نازانم ئەگەر پێوەندی نێوان سەركردەكانی كورد و ئیسرائیلدا هەبێت یان نا، بەڵام، من دژی نیم، بەڵكو بە پێچەوانەوەش ئەو جۆرە پێوەندییە هان دەدەم.
سوپاس بۆ دیمانەكە و، هیوادارم بە دڵی خوێنەرانم بێت لە برا كوردەكان.